

## ئەمشەم لە پاڵاوتنی نەتەوەکانی ئەورووپادا..

# چەندین یاریی گرنگ بەڕێوە دەچن وئیتاڵییەکانیش دەیانەوێت قەرەبووی مۆندیال بکەنەوە

**ئا: نەبەز روستایی**

بڕیارە ئەمشەو چەندین یاریی گرنگ لەمیانی پاڵاوتنەکانی ئەورووپا بەڕێوە بچن کە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا یەکەم تاقیکردنەوەی فەرمی لەگەڵ ڕاهێنەری تازە براندلی ئەنجام دەدات، هەرچەندە ئەرکیان زۆر زەحمەت نییە کاتێک رووبەڕووی هەڵبژاردەی ئەستونیا دەبێتەوە، لەگرنگترین یارییەکانی ئەم جەولەیە یاری ئەڵمانیاو بەلژیکا دەبێت کە بەهێزترین دووی هەڵبژاردەی گرووپەکەیانن و دەیانەوێت لەیەکەم یاریدا بتوانن 3 خاڵ کۆ بکەنەوە، شایانی باسە کە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەمۆندیالی رابردوو توانیبووی پلەی سێیەم بەدەست بێنێت و خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە. سەبارەت بە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دەیەوێت بتوانێت خۆی بگەیەنێتە کۆتاییەکانی یۆرۆی 2012 تاوەکو قەرەبووی ئەنجامەکانی مۆندیال بکاتەوەو ئەو بیرهاتە تاڵە لەبیر جەماوەرەکەی بباتەوە بۆ ئەم یارییەش ڕاهێنەی هەڵبژاردە چەندین یاریزانی تازەی بانگهێشت کردووە لە وێنەی ئانتۆنیللی لەیانەی پارماو بۆڤۆ لە پالێرمۆو دی سیلڤستەری لە ڤیۆرنتیناو گاستادیللۆ لە سامبەدۆریا، هەروەها ڕاهێنەر جارێکی دیکە بانگهێشتی یاریزانان ئاندریا پێرلۆ و جیامپاولۆ باتزینی و ئەلبێرتۆ جیلاردینۆ کردووە دوای لەیارییە دۆستانەکەی بەرامبەر کۆتدیڤوار بانگهێشت نەکرابوون کە لەلەندەن بەڕێوەچوو لەمانگی رابردوو ئەنجامەکەشی لەبەرژەوەندی ئەفریقیەکان بوو، هەروەها لەم یارییەدا بانگهێشتی یاریزانی مان سیتی باڵۆتێلی نەکردووە بەو پێیەی تازە لە پێکان گەڕاوەتەوە، هەروەها هێرشبەری یانەی یۆڤنتۆس ئەکویلانی لە پێکهاتەکەی تازەی براندلی بەدی ناکرێت. خشتەی یارییەکانی ئەمشەو پاڵاوتنەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

ئەرمینیا-ئایرلەندا 6ی ئێوارە، کازاخستان-تورکیا، ئاندۆرا رووسیا، مۆلدۆڤا-فنلەندا 7ی ئێوارە، دوورگەکانی فارۆ-سربیا، جەبەل ئەسوەد-وێڵز 8ی شەو، سوید-مەجەر، لاتڤیا-کرواتیا، رۆمانیا-ئەلبانیا، لۆکسمبۆرگ-بۆسنە، لیتوانیا-ئسکوتلەندا 9ی شەو، ئەستونیا-ئیتاڵیا، سلۆڤاکیا-مەقدۆنیا 9:30ی شەو، سان مارینۆ-هۆڵەندا، بەلژیکا-ئەڵمانیا، یۆنان-جۆرجیا، سلۆڤینیا-ئێرلەندای باکوور، لشتنتاین-ئیسپانیا 9.45ی شەو، ئایسلەندا-نەرویژ، ئینگلتە را - بو لگا ر یا، فەرەنسا-رووسیای سپی، پورتوگال-قوبرس 10ی شەو.



### دوای تۆمەتبارکردنی بە ڕێزنەگرتن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ..

# عەلی کەریمی کێشەیەکی گەورە لە وڵاتەکەی دروستدەکات



عەلی کەریمی یاریزانی یانەی ئیستیل ئازینی و هەڵبژاردەی ئێران، دوای لەسەر کارلادانی و سزای دارایی کە پێشتر بەسەریدا سەپێندرا بوو، بەم زووانە ڕاهێنانەکانی خۆی دەست پێ دەکاتەوە.

یانەی ئیستیل ئازین لە تاران لە بڵاوکراوەیەکدا ڕایگەیاند کە عەلی کەریمی بە هۆی فریودانی یانەکەی و ڕێز نەگرتن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە لە یانەکەی دەرکراوە و سزادراوە.

بە پێی ئاژانسی دەنگ و باسی کار لە ئێران (ئیلینا): ئەندامەکانی سەرۆکایەتی یانەی ئیستیل ئازین لە دانیشتنێکی تایبەتدا، ئەم بڕیارەی کە لە لایەن بەڕێوبەری یانەکەوە درا بوو، هەڵوەشایەوە کەیسەکەی درایە دەست لیژنەی چاودێریکردن.

بە پێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئیلینا سەرەرایی جەخت کردنەوەی ئەم بابەتە "عەلی کەریمی بەبڕیاری لیژنەی چاودێری کردنی کەسێتی یانەکە، بە بڕی 25 ملیۆن تومەن و ڕاگرتنی لە سێ یاریی یانەکەی سزا درا. لە هەمانکاتدا وا پێدەچێ لە دانیشتنێکدا ئەندامانی سەرۆکایەتی یانەی ئیستیل ئازین ئەگەری گۆرانی بەڕێوبەرایەتی یانەکە پێداچوونەوەی تێدا بکرێ.

ڕووداوی دەرکردنی عەلی کەریمی لە یانەی ئیستیل ئازین لەم ڕۆژانەی دوایدا بۆچوونی زۆری بەدوای خۆیدا بەجێ هێشت،لە یاریەکانی لەم دوایەنەی ئەم هەڵبژاردەیە،ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی بە بەرز کردنەوەی وێنەکانی عەلی کەریمی گوتنەوەی درووشم،خوازیاری گەڕانەوەی ئەم یاریزانە بۆ نێو یانەکەی بوون.

ئەم ڕووداوە ڕەنگدانەوەی سیاسیشی بە خۆیەوە گرت، تەلەفزیۆنی حکوومەتی ئێران لە ڕاگەیەندراوێک پشتیوانی خۆی بۆ عەلی کەریمی لە هەڵبژاردەی ئێران و یانەی ئیستیل ئازین ڕاگەیاند .

لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنەکانی ئۆپزسیۆن دەڵێن ئەم بابەتە دەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە، بەهۆی ئەوەی عەلی کەریمی لە چاوپێکەوتنەکانی هەڵبژاردەکەی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتەدا، ناوبراو دەسبەندی سەوزی لەدەست بووە .

ماڵپەڕی کەلیمە کە سەر بە میرحوسێن موسەویە لە زمانی عەلی کەریمیەوە نوسیویەتی: ( من منداڵی موسڵمانم و پابەندم بە بیروڕا ئاییناکانمەوە)، کەریمی تەواوی ئەو پڕوپاگەندانە ڕەتدەکاتەوە کە بۆی هەڵبەستراون، لەم ڕووەوە ئەوانی حەواڵەی خوا کردوە.

لەم ڕۆژانەی دوایشدا لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئێنتەرنێتەوە وەک "فەیسبووک، تویتەر، چەند کەمپینێک بۆ پشتیوانیکردن لە عەلی کەریمی لە لایەن جەماوەرەوە درووستکران.

**ئا: رازاو سەعید**

# هەمووان هاندەری یانەی دهۆکین



**مەحمود هەولێری**

لەم ساڵانەی دوایدا هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری وەرزشی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش نەک بە تەنها لەسەر ئاستی هەرێم ڕەنگیداوەتەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە و باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە هاتنی سەرۆکی یەکێتی تۆپی ئاسیا بۆ هەرێم و دروستکردنی شاری وەرزشی لە هەولێرە، بۆیە دەبێت بایەخی زیاتر بەو بوارە گرنگە بدەین، چونکە لە ڕێگەی وەرزشەوە دەتوانین سیمای جوانی هەرێمەکەمان باشتر نیشانی خەڵکی دەرەوە بدەین.

جگە لەمانەش ئەوەی جێگای خۆشحاڵییەو پێویستە بە هەندیشی وەربگرین ئەوە کە بۆ ماوەی چوار ساڵە لەسەر یەکتری یانەکانی تۆپی پێی هەرێم لە یاری کۆتایی خولی یانە پلە نایابەکانی ئێراق – دا بوونی خۆیان چەسپاندووە و ئەمەش جێگای دەستخۆشیکردنە لەو یانانەدا و ئەمساڵیش یانەی دهۆک نوێنەرایەتی هەرێم دەکات لەو یارییە چارەنووسسازەدا، بۆیە یەکەمین شت پێویستە هەموو وەرزش دۆستانی هەرێم چ لە هەولێر چ لە سلێمانی چ لە کەرکووک پێویستە پشتگیر و هاندەرێکی سەرسەختی یانەی دهۆک بکەن، چونکە بردنەوەی ئەو یاریە تەنها شانازی نییە بۆ دهۆک، بەڵکو دەستکەوتێکی مەزنی دیکەیە بۆ هەموو وەرزش دۆستانی هەرێم و دەبێت یاریزانەکان هانبدەین تا وەکو ئەو جامە هەر لە هەرێم بمێنێتەوە و نەچێتە دەرەوە.

هەر بەو بۆنەیەشەوە پێشنیازی ئەوە دەکەین و داواش لە یانەی دهۆک دەکەین کە بۆ یاری کۆتایی پێویستە جلەکانیان ئاڵای کوردستانی لەسەر بێت، دەکرێت لە تەک ئاڵای کوردستان ئاڵای ئێراقیش هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستوور و یەکانگیر بێتەوە و نەبێتە هۆی تانە لێدان بە هۆی نەبوونی ئاڵای ئێراق، بەڵام ئەوەی گرنگە دانانی ئاڵای کوردستانە لەسەر جلی یاریزانەکان تاوەکو ئەوە بۆ هەمووان روون ببێتەوە کە هەرێمی کوردستان قۆناغی بەرچاوی لە بواری وەرزشی بڕیوە و هەوڵیش دەدات زیاتریش گەشە بکات لەو ڕووەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە ئەو ئاڵایە بوونی هەبێت، چونکە ژمارەیەکی زۆریش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوە ئەو بۆنە وەرزشییە دەگوازێتەوە و بەمەش دەتوانین لە ڕێگەی ئەو ئاڵایەوە پەیامی وەرزشی هەرێمەکەمان بگەیەنین بە جیهانی دەرەوەش و ئەم دیاردەیەش لە هەموو وڵاتێک پیادە دەکرێت و شتێک نییە دژی دیموکراسی و بنەکامانی مافی مرۆڤیش بێت.

ڕێکلام

